**وەزیــری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

**ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(30417 لە 2013/11/7) ولەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا:-**

**- بە پەسندکردنی حەرەمی نوێ ی گوندی (ئەصحاب) سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی/ ناحیەی تانجەرۆ و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (10) دۆنم لە پارچە زەوی ژمارە (99 لە کەرتی/ 47 دەربەند فەقەرە) بە پێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .**

**- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی 2014/2/19 .**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

**پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە ( 5203 لە 4 / 3 / 2014 ) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-**

**- بە پەسەندکردنی حەرەمی نوێ ی گوندی ( ئەلی )سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی / ناحیەی تانجەرۆ و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری ( 32) دۆنم لەپارچە زەویەکانی ژمارە ( 45 , 48 , 49 , 50 , 51 , 113 ) لە کەرتی 28/ زرگوێزەڵە) بە پێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی 25 /3 /2014 .**

**بەیانی ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2014**

**پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە ( 6670 لە 26 / 3 / 2014 ) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-**

**- بە پەسەندکردنی حەرەمی نوێ ی گوندی ( گۆماو )سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی / ناحیەی تانجەرۆ و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (29) دۆنم لەسەر پارچە زەویەکانی**

ژمارە ( 104 ، 113 ) لە کەرتی 28/ زرگوێزەڵە) بە پێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخــۆ**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

بە پیی ماددەی (17) برگەی دووەم لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5)ی ساڵی (2010) وە بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی بانکی کوردسات سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە شاری سلێمانی .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەوتەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

- هێنانەکایەی ( استحداث ) ی سەنتەری پاراستنی منداڵانی خانەقین سەر بە بەرێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خانەقین لەبەر بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی منداڵانی شارۆچکەی خانەقین وە کۆتایی هێنان بە بینای سەنتەری ناوبراو .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە رێکەوتی 2014/1/30.

**د.رێکەوت حمە رشید**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەوەکالەت**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**بەیانی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی دەیەم لە برگە (2) لە یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (6)ی ساڵی1993ی هەموارکراو وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە گەیشتنی ژمارەی